**قفڵ لە دەرگەکەم دەدەم و دەڕۆم**

بـەختیار ئۆغـەن

پەردەکان دادەدەمەوە
لەم دۆڵە تاریکەدا سەفەر دێنمەوە بیری پیاوەکانم.
تفەنگەکان هەڵساونەتەوە
لە ویزەی فیشەک ژیان خەوی زڕاوە
هەر ڕۆژە و زیلێک تەرم دێتەوە
وەک ئەوەی بلۆک بن و لە هەیوانی مزگەوتەکاندا ڕۆدەکرێن.
لەبن خێمەکاندا
لە چاوی ژنەکان باران دەبارێ
یەکێک سنگی توند دەکوتێ
یەکێک قژی دەچنێتەوە.
سێ ڕۆژی تەواو
قەسابەکان لەگەڵ دەنگی کەڵەباب ڕادەبنەوە خوێنێکی تر دەڕێژن
بۆ ئەوانەی بە پێکەنینەوە دێن بۆ فاتیحە!
ڕۆژەکان
وەک ئەسپێکی تازە نالکراو دەڕۆن
ئەلبوومی بیرەوەرییەکانیان دادەخرێن و لەبیر دەچنەوە.
هیچ نەماوەتەوە
لە پێلاوی منداڵەکانەوە زانیم
ئازادیی لە زگی ژیان لەبارچووە!
قفڵ لەدەرگەکەم دەدەم..
وەک تەیرە مشەختییەکان دەڕۆم و ئەو ماڵە جێدێڵم
لە دەروازەی شارەکاندا
منداڵە لاواز و برسییەکانی گەڕەک
بۆسە بۆ زەباڵەکان دەنێنەوە لە شەودا باخەڵیان دەپشکنن.
پیاوە شۆڕشگێڕەکانی دیرۆک
لە لێواری مەزراکان سەرکەوتنەکانیان بۆ ئاو دەخوێننەوە!

ئەم باخە کرم لێیداوە
تازە بەهار، وەک پیاوێکی بە ساڵاچوو بەهیچ ڕاناگات
ڕەشەبا دەستی خستووەتە نێو پرچی ڕەز
ڕووبار، وەک منداڵێک دەهری بووە
کەنار لە شەپۆڵ هەڵدێت
هەقیقەت بووەتە سێوێکی ڕزیو
دارەکانیش هێندەی بانگی ئاو بکەن دەنگیان کەوتووە.!
قفڵ لە دەرگەکەم دەدەم و دەڕۆم
پەنجە شکاوەکانم کۆدەکەمەوە و سکی تاریکی دەدڕم
لە کەزییەکانی خۆر ڕۆشنایی دەدۆشم.

لە پەنجەرەی تەلاری تەنیاییمەوە
ئەوکاتەی خەیاڵ دەمهێنێتەوە بەردەرگەی دیتەنیت
دنیا دەبێتە مێزێکی بچووک
ئەوکاتەی تۆڕ هەڵدەدرێتە ئاوەکانەوە
لە چاوی ماسی ڕووبار هێندەی قازانێکی لێدێت
ئەوکاتەی ئاگر بەردەبێتە زەوییەکان
پووش نوێژی باران دەکات.
سەفەر زیندووبوونەوەی ڕووحە لە جەستەیەکی شەکەتدا
نوێبوونەوەی هزرە لە گۆمە مەنگەکانی کولتوور
گەورەبوونی خەونە لە منداڵدانی ژیان.
قفڵ لە دەرگەکان دەدەم و دەڕۆم..
دەبم بە تەیرێک و دەچمە ماڵی پەلکەزێڕینە
سەر لەسەر بالیفەکە دادەنێم
بەدوای چۆڕاوگەی یادەوەرییەکانمدا دێمەوە
لەسەری کۆلانی هەرزەیی ڕادەوەستم
خۆم ئاودیوی نێو حەوشەی کچە شەرمنەکەی تاخ دەکەمەوە
پێی دەڵێم:
دەستەکانم بگرە
شۆڕم بکەوە بە نێو خۆتدا

وەک ئەو ڕسکەی شۆڕت کردووەتەوە بە گەردنت.
بڕۆم
لە نێو دووکەڵدا ون دەبیت
وەک چۆن دەرزی ون دەبێت لەنێو قەسەڵدا!
لەم دۆڵە تاریکەدا
خەونەکانم وەک خەونی جەنگاوەرێکی دۆڕاو پڕن لە هەڵاتن
خۆم خستووەتە جانتایەکەوە
وەک ئەوەی لە کاروانییەکان جێمابم، ڕێگەیەک پێیەکانم دەگرێ و دەمبات.
باڵەکانم لێکدەدەم
خولانەوەم بە نێو ڕووحی سپیەتی هەورەکاندا
مشت مشت ئازادیی بەردەداتەوە و قەفەز دەخاتە ترسەوە.
هیچ شتێک بیرەم نابەستێتەوە
مانەوەم لێرە وەک مانەوەی سیسرکەیەکە لە بیری ئاودەستخانەکان
وەک مانەوەی بێچووە مراوییەکە لە سەراب.
قفڵ لە دەرگەکەم دەدەم دەڕۆم..
دەشزانم ڕۆژێک لە شەرمی سپیەتی پرچمدا
بەفر چەند زستانێک نایەت.
ڕووخسارم دەگۆڕێ، وەک گۆڕینی شێوەی دارستان لە دامێنی پاییزدا.
ڕوومەتەکانم دەبن بە لاتی بێستان
قاوەیەکم بۆ ناخورێتەوە لەبەر لەرزینی پەنجەکانم
کەڕبوون ناهێڵێ سترانەکانی لاویەتی ببیستمەوە
ددانەکانم دەکەون
چەشنی دەنکەکانی ترێ لە هێشووی تەمەن
لێوم شەقار شەقار دەبێ
وەک ئەو گۆمەی، کە وشکە ساڵیی قورگی گرتبێ!
قفڵ لە دەرگەکەم دەدەم..
دەڕۆم، وەک ئەو گوللەیەی لەنێو قەرەباڵغیدا دەتەقێ و
کەس نەزانێ بەرەو کوێ چوو.
کوانێ دەستەکانت؟
وەرە تابووتی خەونەکانم هەڵبگرە!